www.kurdistannet.org

7-7-2006 0:08بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## تاکەی لاوان دیلی ژێر دەستی کۆمە ڵگە و سیاست بێت؟ ... تاڤگە سابیر



تویێژی گەنجان و لاوانی هەر کۆمەڵگەیەک رەنگدانەوەی رۆڵ و توانای بەهێز و بێ هێزی ئەو کۆمەڵگەیە نیشان دەدەن. کۆمەڵگەی کوردیش وەک هەر کۆمەڵگەیەکی تری ئەم جیهانە لەچەند چین و تویێژێک پێکهاتووە، بۆیە هەموو کۆمەڵگەیەک پشت بەهێزو تواناو کاریگەری لاوان دەبەستێت. ئەمڕۆ نەک هەر تۆێژی لاوان و خوێندکاران بەڵکو تاکی کورد بەگشتی لەقەیرانێکی سایکۆلۆژی، سیاسیی و فەرهەنگی قوڵدا دەژیت. گیانی بێهودەی و دارِمان و دەستبەرداربوون، لەژیان رەوتێکە زیاتر لەنێوئەو تویێژەدا چەکەرەی کردووە بە داخەوە گیانی بێهودەیی، بەشێکی گەورەی کۆمەڵگەی کوردەواری گرتۆتەوە، رەنگە بێت زێتر لەراستیەوە نزیک بینەوە، ئەگەر بڵێین لاوان بەشیان لەم بێهودەییە لەچین و تویێژەکانی تر زێترە. لەرێگای تەکنەلۆژیاوە تارادەیەکی دیار و بەر چاو لاوان ئاگاداری ئەو گۆڕانانەن کە لەدنیای جیهانگەرایی ئەمڕۆ روو دەدەن، وەستاوی ئەو لەژیانی واقیعی خۆیدا بەرامبەر ئەم هەموو گۆڕانانە، وا دەکات بێ توانایی بەشێوەیەکی ناواخنی وابەستەو تێکەڵ بەگیانی بێت و بیرِو خێنی!! چونکە دەستەوەستان دەبێت بەرامبەر ئەو هەموو دواکەوتنەی لەدوو توێی کۆمەڵگەکەی خۆیدا روو بەرووی دەبێتەوە. کە کۆسپی واگەورەی بۆ چێ دەکەن، پێوەندەکانی پێی ئەوو هەنگاوە بچووکەکانی دەروەستی نایەن و، بەشێوەیەکی ترسناک بەرامبەر خاڵە بێهێزەکانی خودی خۆی دەبێتەوە! لەمەدا ئیفلیجبوون و چۆک دادانەکەی دەبێتەوە، راستیەیەکی زیندووئەگەر لەسیماو فۆرمیشەوە هەوڵی شاردنەوەی بدات ئەوا، لەناخەوە دانی پیا دەنێ و ملکەچی دەبێت. !!! بەڵێ مەترسیە کوشندەکان لەم دوالیزمە کوشندەیەدا سە رچاوە دەگرن، کە لەناخی ئەم لاوانە دا لەکێشمە کێش و بگرەو بەردەدایە، ئەمەیە وای لێدەکات هەست بکات کە ئەو وزەو توانستە زۆرەی لەگیانی ئەودایە بۆ رووی راستەقینەی خۆی بەکار ناهێنرێ، لەلایەکی دی لەهەمبەر هەلومەرجی دواکەتوویی کۆمەڵگەکەی شتێکی ئێکجار بچووک وکەم بایەخ و نائەکتیڤە! هەرچی هۆکارە راستەوخۆکانن ئەوا بەپلەی یەکەم هەڵومەرجی دواکەوتووی کۆمەڵگەی کوردیە، نەبوونی شەفافیەت و عەدالەتە لە دابەشکردنی ڕۆڵەکانی و ئەو پێوانانەی کە پایەی مرۆڤ پێ دیاری دەکرێت لە نێو کۆمەڵگەکەیدا، لەگەڵ ئەو هۆکارە ناڕاستە و خۆیانە ناگونجێ، کە رۆژانە کارلێکیان لەگەڵ دەکات و دەکەوێتە ژێر کاریگەریانەوە. هاوکات نزمی ئاستی رۆشنبیری و تێگە یشتن وا دەکات خوێندنەوەی بۆ دەوروبەر زۆر سادەو ساکار بێت، بێبەشبوون لەرۆشنبیری نوێ، چ بەهۆی کەمتەر خەمی خۆی بێت، چ بەهۆی ئاستی دواکەوتوویی رۆشنبیری کۆمەڵگە بێت، ناتوانێ ئیرادەیەکی تۆکمە بنیاتنەری لەلا دروست بکات، لەو ئاستەدا بێت بتوانی گۆڕانی گەورە لەنێو کۆمەڵگەکەیدا بێنێتە ئارا. بۆیە بەرامبەر کەمترین و بچوکترین هەژاندا دەلەرزی و چۆک دادەدات، لەجیاتی بەرەنگاربوونەوە، هەوڵدان بۆ گۆڕان و رفۆرم هەستکردن بەرپرسیارێتی بەرامبەر پێداویسییەکانی قۆناغەکەی خۆی، وەک تاکێک لە کۆمەڵگەدا لەلایەک گیانی خۆپەرستی لەلایەکی دی بێهوودەیی و بێباوەڕی لەلا دروست دەبێت، دەگاتە ئەو بڕوایەی هەر کارێک ئەنجام بدات، ناتوانی هیچ گۆڕانێک بێنێتە کایەوە، بۆیە سەری لێ دەشێوێ و خۆی دەداتە دەست شەپۆلەکان، بۆ وێنە لاوێک لە کوردستان، دەزانێ هەرچی شتێک بکات، هەرچەندە شایەنی هەندێک رۆڵی کۆمەڵایەتیش بێت ناتوانێ وەدستی بهێنێ، لەبەر ئەوەی لەبنەڕە تەوە، دابەشکردنەکان لەسەر بنەمایەک ئەنجام دەدرێ کە لەفەرەنگە جیهانگەراییەکەی ئەودا سەردەمی بەسەر چووە!!! لەبەرئەوەی ئەم تویێژە خاوەن داینەمۆیەکی بەردەوام بەهێزەو هەموو گۆڕانکاریەک و نوێ بوونەوەیەک لەسەر دەستی ئەو ڕوو دەدات. ئەم تویێژە هەمیشە خاوەن هێزەو لەپێشەوەی خەبات و قوربانی دانە، ئەگەر سەیری ڕووداوو گۆڕانگاریەکانی سەر گۆڕەپانی سیاسی کوردی بکەین لەهە موو ئەو شۆڕش و خەبات و تێکۆشانە دەبینین، گەنجانی کوردی دەورو ڕەوتی ڕووداوەکان و خاوەن قوربانیەکی زۆرن و مافی ڕەوای خۆشیانە شانازی بەو تێکۆشان و قوربانیەوە بکەن و لەبەری ئەو دەستەکەوتانە بخۆن و بحەسێنەوەو بەئاسودەیش بژیێن.

سوێد 2006